# پرسیاریك له بەریز مەهباد قەرەداغی سەبارەت بە نیجیرڤان؟

## عادل ئیبراهیم

بۆ خۆم لە میژە ئەوەم بۆم پرسیارە، کە پەیوەندی خیزانی سەرکردەکانی بەرزانیەکان چونە؟ رۆشنتر بلیم پەیوەندی ژنو پیاویان دەبیت چ شیوەیەکی بە خۆوە گرتبێت، یا زۆر تایبەتی تر، خوشكو دایكو ژنەکانیان بۆ دیار نین، کێنو چ کارەن، واتە مەوقعیەتی ژنان لە نیو خانەوادەکەیاندا لە چ ئاستیکدایە، پیم وایە ئەوە بە تەنها پرسیاری من نەبیت، پرسیاری هەموو کەسانیکە کە سەردەمانیکی دورو دریژە لە گەل بالا دەستی سیاسی ئەم خانەوادەیەدا لە کوردستاندا دەژین.

ئەم پرسیارە بۆیە ئاراستەی بەریز مەهباد قەرەداغی دەکەم، ئەوەبو لەم ماوانەدا نیچیرڤان بارزانی خەلاتی خوشکە مەهابادی کرد، هەروەها خوشکە مەهاباد لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە نیچیرڤان پەیداکردو پیکەوە دانیشتن، رەنگە پیم بلین باشە بۆ هەر خوشکە مەهباد لەتەك نیچیرڤاندا دانیشتووە؟، نا دیارە کەسانی تریش بون بەلام خوشکە مەهباد وەك کەسایەتیکی بەناوبانگی نیو بزووتنەوەی ژنان لەو جەلسانەدا حزوری بووە. هەر کەسیکش سەر بە هەر بزووتنەوەیەك بیت، لە هەر کۆروکۆمەلیکدا پیش هەموو شتێ بەدوای ئامانجی بزووتنەوەکەیەتی، بۆیە باشتر وایە پرسیارەکەمان پیش هەموو کەس لە خوشکە مەهباد بکەین.

پرسیارەکەم رۆشنتر کەم لە خوشکە مەهاباد، کاتێ دانیشتنتان کرد لە گەل نیچیرڤان، ژنکەی یا خوشکی یا هەر کەسێکی ژن لە خیزانەکەیان توانیان لەو دانیشتنەدا بەشداریتان بکەن؟

ئایا لە نیچیرڤانتان پرسی پەیوەندی لەگەل ژنانی نیو خانەوادەکەی چۆنە، یا فرسەتت بوو پرسیار لە ژنانی نێو خانەوادەکەی بکەیت، کە رەفتاری مەسعودو نیچیرڤان چۆنە لەگەلیاندا، مەسەلە چیە، تا ئیسا کەسیکی ژن لە نێو خانەوادەکەیاندا نەناسراوەو دیار نییە.

بەراستی ئەم پرسیارانە وەك پیشتر ووتم لە میژە لە زەینمدایە، هەروەها زۆر جار بیر لە تراژیدیای ژیانی ئەو ژنانە دەکەمەوە کە لە نێو ئەو خانەوادەیەدا ژیان بەسەر دەبەن، دەبیت لە چ دۆزەخو جەهەنەمیکدا بن، گومانی ناوێ کە پیوستیان بە رزگار بونو تیك شکاندنی پەیوەندی عەشرەتەکەیانە، تۆ بلێ ئەم نزیکایەتیەی خوشکە مەهایاد لە نیچیرڤانەوە شتێ لەو بابەتی لە ژیر سەردا بیت.

ئەم ئحساسو پرسیارانە، هەر من خاوەنی نیم بەلکو هەموو ئەوانەی بیر لە ئازادی ژنان دەکەنەوەو بەراستی لە نێو بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنادا خەبات دەکەن، بە چاوی دوژمنی ئازادی ژنان سەیری پیاوانو سەرکردەکانی بەرزانیەکان دەکەن.

هیوادارم خوشکە مەهایاد بێ دلیمان نەکاتو لەم بارەیەوە بە نوسراو، لیکۆلینەوە، کۆر هەر جۆریك خۆی پێ ی خۆشە وەلام وەرگرینەوە.

پیم خراپ نییە لەم بارەوە گەر کاك حەمە سەعید حەسەنیش زەحمەت بکیشیتو وەلام بداتەوە، چونکە ئەو خەلاتو نزیکایەتیە بە بەرزانیەکان کاك حەمەسەعیدیش بەشی خۆی لێ وەرگرتوە .